

# ناوەندی باڵای کەرکووک

## نازناوی پاڵەوانییەتی پێنجەمین خولی بارزانی نەمر لەسەر ئاستی ئێراق لە باوەش دەگرێ



لە ژێر چاودێری تەها بەرواری وەزیری وەرزش لاوان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان نەجات باپیر سکرتێری مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و سابیر ئەحمەد ئەندامی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و چەندین بەرپرسی دیکەی حزبی و حکوومی و جەماوەرێکی زۆری وەرزش دۆست لە یاریگای شەهیدان کۆتایی بە پێنجەمین خولی بارزانی نەمر لە تۆپی پێ لەسەر ئاستی ئێراق هات تیایدا ناوەندی باڵای کەرکووک توانی نازناوی ئەم خولە پیرۆزە بباتەوە بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە ناوەندی باڵای بەغدای بردەوە لەم یارییەدا کە لەلایەن ناوبژیوانان سیروان سەلمان و ئەرسەلان قادر و کاکەمین قادر و غازی عوسمان سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو وسێ یاریزان بە کارتی سوور لەلایەن ناوبژیوانەوە دەرکران و لە کۆتایشدا چەندین خەڵات لەلایەن بەرپرسانەوە دابەشکراو بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١- ناوەندی باڵای کەرکووک خەڵاتی یەکەم
٢- ناوەندی باڵای بەغدا خەڵاتی دووەم
٣- ناوەندی باڵای دەورووبەر خەڵاتی سێیەم
٤- ناوەندی باڵای هەولێر خەڵاتی تیپی نموونەی
٥- ماهر ویداد لە ناوەندی باڵای کەرکووک خەڵاتی گۆڵکاری وەرگرت
٦-بژار بەکر لە ناوەندی دەورووبەر خەڵاتی باشترین گۆڵچی وەرگرت
٧-سەعید سەڵاح لە ناوەندی بەغدا نازناوی باشترین یاریزانی وەرگرت

چەندی خەڵاتی تایبەت بەسەر ناوبژیوانان دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابەشکرا، ئەمەو بەڕێز گەیلان فەهمی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی ناوەندی باڵای بەغدا لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان گوتی: ئێمە ساڵانە لە بەغدا خولی بارزانی نەمر دەکەینەوە و چەندین تیپی میللی بەشداری دەکات، لە ساڵی«٢٠٠٤» توانیمان پلەی یەکەم و لە ساڵی«٢٠٠٥» پلەی دووەم و ساڵی «٢٠٠٦» یش بە پلەی دووەم هاتن سەبارەت بە هاوکاری ئەنجوومەنی کارگێڕی بەڕێز گەیلان گوتی: بەڕاستی لە هەموو ڕووێکەوە هاوکاری ئێمەیان کردووە و پارەی نانخواردن و سەفەرکردن هەموو لەسەر ئەوانە و سەبارەت بە ئاستی ناوبژیوانانیش گوتی: تا ئەمڕۆ ئاستیان بەرزبوو و بێ لایەنی خۆیان لە گشت یارییەکانیشاندا بەبێ جیاوازی کارەکانیان ئەنجامدا.





## سەعید هەرکی:

# بیرمان لەوە کردۆتەوە خولی داهاتوو لە شاری کەرکووک ئەنجام بدەین

لەلای هیچ کەسێک شاراوەنییە کە ئەنجوومەنی کارگێڕی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ساڵانە خولێکی تۆپی پێ بۆ ناوەندە باڵایەکانی سەرتاسەری هەرێم سازدەدا بەباشمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ بەڕێز سەعید هەرکی بەرپرسی وەرزش لە ئەنجوومەنی کارگێڕی سازبدەین.

*** چەند ناوەند بەشدارن و شێوازی خولی ئەمساڵتان چۆنە؟**

- شازدە ناوەند بەشدارن کە پلەی یەکەمیان لەسەر ناوەندەکانی خۆیان بەدەستهێناوە و خولی ئەمساڵیش بەشێوازی تاک بەڕێوەچوو هۆکاری ئەمەش ئەمساڵ پارەیەکی وای بۆ تەرخان نەکرابوو.

*** بەرای تۆ شێوازی دۆڕاندنی تاک گونجاو بۆ ئەو ناوەندانەی کە لە دوور هاتوون تەنیا یەک یاری ئەنجام دەدەن؟**



- ئەمە زۆر ڕاستە ئێمەش حەزمان دەکرد کە خولەکە بەشێوازی دۆڕاندنی جووت بووایە بەڵام کات نەبوو ئەمەش خولی ساڵی«٢٠٠٦» و لە ساڵی«٢٠٠٧»تەواومان کرد و لە توانای ئێمە نییە ئەو هەموو مەسروفە بکەین هیوادارم لە خولەکانی داهاتوو شێوازی دۆڕاندنی دوو یاری پەیڕەو بکەین.

*** تا چەند هاوکاری تیپە بەشداربووەکانتان کردووە؟**

- بەپێی توانا لە هەموو لایەکەوە هاوکاریمان کردوون نانخواردن و شوێنی حەوانەوەیان لەسەر ئێمەیە و جل و بەرگی وەرزشیمان بەسەر گشت تیپەکان دابەشکردووە و هیچ کەم و کوڕییەکیان نییە.

*** دەکرێ بزانین ئاستی ناوبژیوانان لەم خولە چۆنە؟**

- ناوبژیوانانی هەولێر شایستەی هەموو شتێکن و ئاستیان زۆر بەرزە و لێرەو سوپاسیان دەکەین چونکە ئەوان خۆیان بە خاوەنی خولەکە دەزانن و لایەنی مادی ڕەچاو ناکەن تەنیا بیر لەسەرکەوتنی خولەکە دەکەنەوە، لە خولی ئەمساڵ لە سەرەتاوە تا کۆتایی هیچ کێشەیەکیان نەبووە و هاوکارییەکی تەواوی ئێمە دەکەن.

*** ئایا بەنیاز نین هەڵبژاردەیەکی تۆپی پێ بۆ ناوەندەکان پێک بهێنن؟**

- بیرۆکەیەکی ئاوا لەبەردەستدایە هەر وەکو ئێستا تۆپی باڵەمان هەیە کە بەنیازن لەم زووانە سەردانی هۆڵەندە بکەن، پێکهێنانی هەڵبژاردە زۆر پێویستە لەگەڵ کاتی بۆنەکان بەشداری بکەن و سەردانی دەرەوەی هەرێمیش بکەن.

*** بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە خولەکانی داهاتوو لە شارەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام بدەن.**

- ئێمە کە لە هەولێر ئەنجام دەدەین وەک پایتەخت سەیری شاری هەولێر دەکەین بەڵام بیرمان لەوە کردۆتە کە ساڵی داهاتوو گەر هیچ کێشەیەک نەبوو لە شاری کەرکووک ئەنجام دەدەین.

*** لیژنەکان وەکو پێویست کاری خۆیان ئەنجام داوە؟**

- بەڵێ زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم لیژنەکان لە کارەکانیان زۆر سەرکەوتووبوون و کارەکانیان بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجامداوە .

*** خولی ئەمساڵتان لە وەرزی خوێندن بوو ئایا کاتەکەی وەکو پێویست بوو؟**

- خولی ئەمساڵمان تەنیا دوو یاری کەوتە کاتی تاقیکردنەوەکان و هیچ کارێکی سلبی نەبوو لەسەر یاریزانەکان ئەوانەی کە قوتابین و هیچ ناوەندێکیش ڕەخنەی لەسەر کاتەکە نەبوو ئێمە دەبوایە زووتر خولەکە دەست پێ بکەین، بەڵام لەبەرچەند هۆیەکی هونەری چەند جارێک خولەکەمان دواخرا نەمانتوانی لە کاتی خۆی بەڕێوەببەین.

*** دوا وتەت؟**

- سوپاسی ناوەندەکان دەکەم کە ماندووبوونەکی زۆریان کێشا کە بەشداریان کردوو سوپاسی هەموو ئەو کەسانە و ئەو دەزگایانە دەکەین کە یارمەتیان داوین سوپاس بۆ ئێوەش.

**دیانە وەرزش**



## خولی تۆپی پێی شەهیدانی کوردستان کۆتاهات

لە ژێر چاودێری « ئاری نانەکەلی» بەرپرسی «ل،ن، ئالآ» ڕێکخراوی سێتاقان کۆتایی بە خولی شەهیدانی کوردستان هێنا کە ڕۆژانە لە گۆڕەپانی بچووککراوەی گولآن بەڕێوەدەچوو کە زیاتر لە«١٨» تیپی سنوورەکە بەشداربوون، لە یاری کۆتایشدا هەردوو تیپی ئالآو مەریوان ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، لە یارییەکی ئاست بەرز و لە نمایشێکی جوان و بەهێزدا تیپی مەریوان بووە پالەوانی خولەکە و بە ئەنجامی «٣-٢» گۆڵ یارییەکی بردووە شایەنی باسە لە کۆتایی یاریەکەدا دیاری«ل،ن،ئالآ» لەلایەن بەرپرسی «ل.ن ئالآ» دابەشکرا.

## دیاری سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەسەر وەرزشوانە دێرینەکانی شاری موسڵ دابەشکرا

سیروان سەلمان: سەرۆکی وەرزشوانە دێرینەکانی شاری موسڵ پێی ڕاگەیاندین کە بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە وەجبەی پێنجەمی دیاری ڕێزدار «نێچیرڤان بارزانی» سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر وەرزشوان دێرینەکانی شاری موسڵ دابەشکرا ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی بالآی وەرزش ئەمە و وەرزشوانە دێرینەکانی شاری موسڵ سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی ڕێزدار «نێچیرڤان بارزانی» سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێزان جەودەت نەجار سکرتێری ئەنجوومەنی بالآی وەرزش کرد بۆ ئەو هاوکاریيانەی پێشکەشیان کردن هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن.



## ئایا یونس مەحمود بۆ لیۆن یاری دەکات؟

ماوەیەکە قسە و باس لەوە دەکرێت کە یاریزانی هەڵبژاردەی ئێراق ویانەی غەرافەی قەتەری یونس مەحمود بوندێکی لە یەکێک یانەکانی ئەوروپی بۆ هاتووە، سەبارەت بەم هەواڵەش یاریزانی هەڵبژاردەی ئێراق یونس مەحمود ئەم هەواڵەی پشت ڕاست کردوو گوتی: ماوەیەکە و تووێژم لەگەڵ یانەی لیۆنی فەرەنسی دەست پێکردووە کە لە وەرزی داهاتوو یارییان بۆ بکەم و وتوێژەکان ئێستا قۆناغێکی باشی بڕیوە بەو هیوایەم بە زووترین کات تەواوبێت، یونس زیاتر گوتی: خۆشحاڵم کە لە یانەیەکی ئەوروپی وەکو یانەی لیۆن یاری بکەم کە ئەمە سەرکەوتنە بۆ من و وڵاتەکەم جێگەی باسە یونس مەحمود دوو ساڵە زیاتر و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی لە بەرزبووندایە و گۆڵکاری یەکەمی ئێراقە.





## کالدێرۆن:

# بێکهام یاری بە بەرژەوەندی ڕیال مەدرید دەکات

سەبارەت بەو بۆندەی دیڤید بێکهام لەگەڵ یانەی گالاکسی ئەمەریکی کە مۆری کردووە، سەرۆکی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی ڕۆمان کالدیرۆن گوتی: بێکهام تاوانبارە و یاری بە بەرژەوەندی یانەکەی دەکات و بە نهێنی بۆندی لەگەڵ یانەی ئەمەریکی مۆرکردووە، بێ ئەوەی ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر هەبێ من وای بۆ دەچم ڕاهێنەر کابیلۆ بەم هەڵوێستە نا وەرزشیەی بێکهامی زانی بۆیە بڕیاری داوە کە یاری پێ نەکات، کالدیرۆن زیاتر گوتی بێکهام خانوویەکی لە ئەمەریکا کڕیبووە بۆ ئەم بۆندە درێژخایەنی لەگەڵ گالاکسی مۆرکردووە و بێکهام ماوەی شەش مانگی لای ئێمە ماوە بەڵام دەبێ پەلە بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بۆندە و دەبێ گشت مافەکانی ئێمە بژمێرێ کە لە تاکە دۆلارێکی خۆشمان خۆش نابین، بێکهام پێش گواستنەوەی زستانە بە نهێنی بۆندێکی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە بڕی«٢٥٠» ملیۆن دۆلار لەگەڵ یانە گالاکسی مۆرکرد.

# دایسلەر لە تەمەنێکی کورت واز لە یاریکردنی دەهێنێ

دوای تەمەنێکی کورت لە نێو یاریگا یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرەن میونیخ سباستیان دایسلەر بڕیاریدا بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێ دایسلەر پێش چەند ڕۆژێک بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بایرەن میونیخ نوێکردەوە، بەڵام لە ناکاو بڕیاریدا بە یەکجاری واز بهێنێ، دایسلەر گوتی: بەهۆی پێکهانەوە ناچار بووم واز بهێنم، دایسلەر کە تەمەنی «٢٧» ساڵە زیاتر گوتی: من تا ئەمڕۆ پێنج نەشتەرگەری گەورەم ئەنجامداو ئازارێکی زۆرم دەدا بۆیە ئەو بڕیارەم وەرگرت کە تایبەتە بە بەرژەوەندی خۆم دەبێ بیر لە تەندروستی خۆم بکەمەوە.



# بۆمێل: تا ڤان باستن ڕاهێنەر بێ نا گەڕێمەوە



هۆڵەندی فان بۆمێل یاریزانی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی جارێکی دیکە داوای یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندی ڕەتکردەوە کە بگەڕێتەوە ڕیزی هەڵبژاردەی هۆڵەندە بۆمێل لە لێدوانێکیدا گوتی: خەونی هەموو یاریزانێکە کە لە ڕیزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات، گەر دەیانەوێ من ڕازی بکەن با ڕاهێنەر ڤان باستن لە هەڵبژاردەی هۆڵەندە دووربخەنەوە چونکە شایستەی ئەم شوێنە نییە خاوەن ئەو کەسایەتییە نییە کە بەرگری لە ناوی هۆڵەندە بکات، جێگەی باسە ئەمە جاری سێیەمە کە بۆمێل بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بانگهێشت دەکرێ بەڵام ناگەڕێتەوە و هەموو جارێکیش داوای لادانی ڤان باستن دەکات.